# ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت؛ ئەوا هەموو گوناهەکان لە لاشەیدا دەردەچن

لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت؛ ئەوا هەموو گوناهەکان لە لاشەیدا دەردەچن هەتاوەکو لە ژێر نینۆکەکانەوە دەردەچن».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمووده بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە دەستنوێژگرتن یەکێکە لە باشترین پەرستنەکان، ولەو پاداشت وفەزڵانەی کە لەم فەرموودەدا هاتووە: ئەوەی بە جوانی دەستنوێژ بگرێت کە پارێزگاری لە ئاداب وسونەتەکانی بکات، ئەوا ئەم دەستنوێژگرتنەی دەبێتە هۆی دەرچوونی هەموو ئەو تاوانە بچووکانەی ئەنجامی داوە لە لاشەوەیە (ئەو تاوانانەی کە لێخۆشبوونیان تایبەتە بە مافی خوای گەورەیە)، هەتا ئەم تاوانانە دەردەچن لە ژێر نینۆکەکانەوە، وبۆیە پێویستە مرۆڤ لە کاتی دەستنوێژگرتندا مەبەستی نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە، و وا هەست بکات ئەو فەرمانی خودا جێبەجێ دەکات کە دەفەرموێت: {إذا قمتم إلى الصلاة، فاغسلوا وجوهكم} [المائدة: 6] واتە: {ئەی ئەوانەی باوەڕدارن ئەگەر هەستان بۆ نوێژ کردن ئەوا دەموچاوتان بشۆن}، و وا هەست بکات ئەو شوێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەوێت لەم دەستنوێژگرتنەیدا، ومەبەستی داواکردنی پاداشت بێت لە خوای گەورە بەهۆی ئەم کارەی بۆ ئەوەی بە ووردی وجوانی ئەنجامی بدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6263